# ڕیفراندۆمێکی ئازاد بۆ سەربەخۆیی کوردستان

# کێشەی کەرکوکیش یەکلادەکاتەوە!

**حەمەغەفور**

hamaxafoer@yahoo.com

ئەزمەو بنبەستی ستراتیژو سیاسەتی میلیتارستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە عێراق، بەتایبەت بەدوای ڕاپۆرتی بەیکەر–هاملتۆندا، بۆشاییەکی سیاسی خەتەرناکی لێکەوتۆتەوە لە ئاستی جیهان و خۆرەلاّتی ناوەندا. ئەم بەرزەخ و گێژاوە سیاسییە بواری ڕەخساندووە بۆ هاتنە پێشەوەی هێزو لایەنی جۆراوجۆر بە ئەلتەرناتیڤی خۆیانەوە کە هەر ئێستا دەستیانداوەتە هێزکۆکردنەوەو هەڵپەکردن بۆ جێبێکردنەوەی سیاسی خۆیان و بردنەپێشی پرۆژەکانیان لە عێراقدا. عێراق هەروا سەحنەی ململانێکان و هێزەکانی دەخیلە تیایدا، بە پراتیك و کارنامەی سیاسیاندا دەردەکەوێ کە هەموو بەشوێن ئامانج و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوەن. لەم پێناوەشدا هەریەك بە بەهانەیەکەوە چنگوددانی لە جەستەی ئەم کۆمەڵگایە گیرکردووە. ئەمەش بە واتای قووڵتربوونەوەی کێشەو گرفتەکان و توندتربوونەوەی پێکدادانەکانە لە عێراق و ناوچەکەدا.

سەرباری ناکاممانەوەی نەخشەو پرۆژەکانی ئەمریکا لە چوار ساڵی ڕابردوودا، ڕاپۆرتەکەی گروپی بەیکەر–هاملتۆن و ستراتیژو پرۆژەی نوێی ئەمریکاش ئاڵوگۆڕێکی گەورەی لە خشتبەندی هێزەکان و بالاّنسی سیاسەتی جیهانیدا پێکهێناوە. لەلایەك پرۆژەی خۆرەلاّتی ناوەند پووچەڵ مایەوە، لەولای تریشەوە قەزیەی مێژوویی فەلەستین قەیرانی لوبنانیشی بۆ ئیزافەبوو، "کەوانی شیعە(هلال الشیعی)" لەناو دڵی خۆرەلاّتی ناوەندا بە دەفع و تەوجیهی جمهوری ئیسلامی ئێران مەترسی جەنگ و پیکدادانی ئیقلیمیشی کردۆتە بەلاّی سەری ناوچەکە. مەترسی کەوانی شیعە عەرشی نازونیعمەتی شێخەکانی سعودیەو کەنداوی لەرزاندوەو دوکەڵی تەشەنەکردنی جەنگی تایەفی شیعەو سوننە لە عەگاڵەکانیان بەرزدەبێتەوە. دەوڵەتی عەسکەرتاری و فاشیستی تورکیش بەناوی بەرگریکردن لە ماڧی تورکمانی کەرکوك و لابردنی مەترسی پەکەکەوە هەڕەشەی پەلاماری سەربازی دەکات بۆ سەر کوردستان لە پیناوی شکاندنەوەی بەشێك لە قەیرانە ئابووریەکانی بەسەر ئەمریکادا. سەرجەم ئەم بارودۆخە، ئەم فاکتەرو پرۆژەو بەرژەوەندیە دژبەیەکانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە بەسەر کوردستانی عێراقەوەو دەبێ بەووردی حسابیان بۆ بکرێ.

بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردو حیزبەکانی کە هاوپەیمانی دەسلەسەرسنگی ئەمریکا بوون، لە 16ساڵی ڕابردوودا لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی و بەرتەسکی خۆیان و حیزبەکانیاندا، بۆ شەریکبوون لە دەسەلاّتدا، چارەنووسی کۆمەڵگای کوردستان و خەڵکەکەیان بەستبوەوە بە ستراتیژی شەڕەنگێزی ئەمریکاوە، سەرەنجام دوای چاوەڕوانییەکی زۆر ئەمریکا پشتی تێکردن . ئێستاش کە پرۆژەی فیدراڵی قەومی یەکێتی و پارتی وەکو تۆز بە حەواداچووە، چونکە لە ڕاپۆرتەکەدا باسی گۆڕینی دەستوور کراوە، ئومێد بە پشتیوانی ئەمریکا لە کورد گۆڕاوە بۆ نیگەرانی و ترس لە دووبارەبوونەوەی کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران و گۆڕەبەکۆمەڵەکان. جەنگی ناوخۆ لە عێراقدا بەشوێن ئیعدامی سەددام دا زیاتر لەجاران پەرەیسەندوەو شالاّوی پاکسازی تائیفی گەرمتربووەو ووروژمی ڕاکردن و ئاوارەبوونی بەکۆمەڵ و ملیۆنی غەیرە شیعە(سوننە مەزهەب ومەسیحی و..تد) گەیشتووە بە نزیکی 4ملیۆن کەس و ڕۆژانەش یەك هەزار کەس یا وولاّت جێدێڵن یا لە ناوخۆدا ئاوارەدەبن، ئەم دوو حیزبە هەروا بێ ئاسۆو بێ بەرنامەو بێ ئەلّتەرناتیف خۆیان داوەتە دەست ڕێچکەی ڕووداوەکان و دەیانەوێ بە

ساتوسەودایەکی تاکتیکی لەسەر (مادەی140)و بەناوی "ئاساییکردنەوە"ی بارودۆخی کەرکوکەوە، سەرلەنوێ چارەنووسی کۆمەڵگای کوردستان گرێدەنەوە لەگەڵ ڕەوتی کێشمەکێشەکانی دوای گۆڕینی ستراتیژی ئەمریکادا!

ئاشکرایە بۆ هەموو لایەك کە ناسیونالیزمی کوردی هیچ کاتێك ئامانجی چارەسەری کیشەی کورد نەبووە. بەکردەوە ئەم حوکمەیان بەسەر خۆیاندا سەلماندووە. لەم 16ساڵەدا بە تەواوی دەرفەت لەباربوو لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەوەی کوردستان جیابێتەوەو بە بەرنامە دەستیان بۆی نەبرد. لە ڕیفراندۆمێکی لاوەکیدا کە هیچ پشتیوانەیەکی ڕەسمی نەبوو نە لە ئەوان خۆیانەوە نە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەتێکڕای دەنگ خەڵکی کوردستان ڕاشکاوانە داوای جیابوونەوەو سەربەخۆییان کرد. بەڵام ئەوان بۆ مامەڵەی خۆیان لەگەڵ لایەنەکانی تری عێراقدا بەکاریان برد. لەم ڕۆژانەدا کە هەڵوێستی بزووتنەوەی کوردایەتی لە هەموو کاتێك لاوازترە سەبارەت بە فیدراڵیەت، مەسەلەی کەرکوك و مادەی 140 و سازکردنی ڕیفراندۆم بۆ ڕێژەی کوردو عەرەب و تورکمان هێنراوەتە پێشەوە. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە عێراق سەرتاپای نوقمی شەڕو کوشتارو پێکدادانە، ئاسەوار لە وڵاتبوون، هاووڵاتیبوون، ئەمن و ئارامی نەماوەتەوە، کەچی دوو تەرەفی کوردو شیعە ئاساییکردنەوەی کەرکوکیان کردۆتە مەسەلەی ڕۆژ. کام مەنتیق لەم مەسەلەو تەرحەدا هەیە!؟ جەستەیەك سەری بەر لە بەشەکانی دیکەی کەلەلاو داغانتر بێ، چۆن بە عەقڵدا دەچێ باسی ئاساییکردنەوەی پارچەیەکی بکرێ!؟ ڕیفراندۆم سازکردن لە کەرکوك، ئاگربەردانە لە ژیان و هەست و نیستی خەڵکی ئەو شارە بە هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانییەوە. ئەو ڕفراندۆمە پرۆژەو تەرحێکی کۆنەپەرستانەو قەومپەرستانەیەو نابێ سەربگرێ. ئەگەر بەهەق یەکێتی و پارتی و بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی ئامانجیان خەڵکی کەرکوك و شاری کەرکوکە بگەڕێتەوە سەر کوردستان، بۆچی لە ڕەشنووسی دەستوورە پشتگوێ خراوەکەیاندا باسیان نەکردووە؟! ئەگەر بەشوێن گۆبەنگ نانەوەوە نین بۆ ئەو شارەو ئامانجیان خۆشکردنی ئاگری قەومیی نییە تیایدا، بۆ بەرلەوە نایەن دەس بۆ سازکردنی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ببەن؟ ئەو بەشە لە کوردستان کە وەك خۆیان دەڵێن ڕزگارکراوەو تاڕادەیەکی باشیش تەجروبەی جیایی و سەربەخۆیی کردووەو نیسبەتێکیش لە ئاستی دنیادا وەکو وڵاتێك قەبوڵکراوەو هیچ لایەنێکی عێراقی و تەنانەت دەوڵەتانی ناوچەکەش، ئەگەر ئێستا مەسەلەی کەرکوکی تێکەڵنەکرێ، ناتوانن لە دووریشەوە تەماشای بکەن. بۆچی هەمیشە ناسیونالیزمی کورد ووتویەتی هیچ شتێك بە یەکجار نایەتەدی و بەدەسنایەت، کەچی لەم ساتەدا چەسپاون بە مادەی 140ەوە!؟ هێشتا هیچ زەمانەتێکی شەرعی و نێودەوڵەتیان بۆ بەشەکانی تری کوردستان نییەو تەنانەت سەریشیان لێ شێواوە، کەچی باسی گێڕانەوەی کەرکوك دەکەن بۆ سەر کوردستان!؟ ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە لە بێ دەربەسی و ناکارامەیی سیاسی ئەم بزووتنەوەیە.

فرمێسکڕشتنی تیمساحی بۆ کارەساتی 1ی شوبات نە دەردی کەس تیماردەکات، نە بەر بە تەشەنەکردنی ئاگری جەنگی ناوخۆی عێراق دەگرێ بۆ ناو دڵی شارەکانی کوردستان. مادەی 140و ئاساییکردنەوەی نامەعلوم و مەشبوهی کەرکوك و داوای ڕیفراندۆم بۆ نیسبەی نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو شارە، نەعرەتەیەکی نامەسئولانەی نەتەوەچێتییە لەلایەن بزووتنەوەی کوردایەتییەوە، مامەڵەی کڕینی بەڵایەکی دیکەیە لەمڕۆدا، لەپێشدا بۆ خەڵکی کەرکوك و دەوروبەری ئنجا بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان. ئەم تووڵەڕێگایانە خەتەرناکن و مەیانگرنە پێش. ڕێگایەکی تەخت و خۆش و سالم هەیە با ڕێگاخۆشکەین بە عەشقەوە خەڵکی کوردستان لە دەوری خۆیان ڕێکخراوو یەکگرتووکەن. ڕێگای بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازاد بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان. لەو ڕاپرسییە گشتییەدا دانیشتوانی کوردستانی عێراق بڕیاردەدەن کە ئایا دەیانەوێ لەچوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە، یاخود جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیان دەوێ. هەموو موئەشیرەکان ئەوە بەیاندەکەن کە خەڵکی کوردستان دووەمیان هەڵدەبژێرێ. ئەوسا کە کوردستان هەناسەی ئازادیی هەڵمژی و ئەمن و ئاسایش باڵی کێشا بەسەریدا، کێشەی شاری کەرکوکیش لە چارەسەری بنەڕەتی نزیکدەبێتەوە. ئەوسا خەڵك و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پشتیوانی لە سازکردنی ڕیفراندۆمێك دەکەن بۆ هەموو دانیشتوانی کەرکوك و دەوروبەری و

**تەواوی ئەو ناوچە کوردنشینانە کە نەگەڕاوەنەتەوە سەر کوردستان. دیارە ڕیفراندۆمەکان لەژێر چاودێری ئۆرگانە نێونەتەوەییەکاندا بەڕێوەدەچێ و عادلانەترین و سیاسیانەترین ڕێگاچارەی سیاسی و هاوچەرخە.**

2007-1-22